.....................................................

# جەمشیدخان کێیە؟!

# جەمشیدخان کێیە؟!

## (شرۆڤەیەک لەسەر ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم)

ژیرۆ زاگرۆس

**پێشگوتن**

بەختیار عەلی لە سەرەتاکانی ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا لە زمانی فەتانەوە دەڵێ "**پاڵەوانی چیرۆکەکان جگە لە سێبەرێکی تاریک، جگە لە تارماییەکی سەرابی هیچی تر نین**". بەختیار عەلی بەم ڕستەیە تایبەتمەندییەکی گرنگ و سەرەتایی ڕۆمان دەسنیشان دەکا و ئەویش سەرابی بوون و خەیاڵی بوونی کەسەکان، شوێنەکان و ڕووداوەکان و بەگشتی هەموو بوونەوەرەکانی نێو ڕۆمانە. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەموو خەیاڵێک بنگەهێکی ڕاسکانیشی هەیە کە دەچێتەوە سەری. ڕۆماننووسەکان زۆربەی کات ڕاسەڵەیەک پەلکێشیان دەکا بۆ جیهانی خەیاڵ و دەکەونە خولقاندنی خەیالات، بەڵام لەو جیهانەدا بەردەوام دەگەڕێنەوە سەر جیهانە ڕاسکانییەکەی خۆیان. بەکورتی هەر هێمایەکی خەیاڵی نێو ڕۆمان ئاماژەیەکە بۆ بوونەوەر و دیاردەیەکی ڕاسکانی. لەسەر ئەم بنەمایە هەم نووسەر و هەم خوێنەر هەرکامە بژاردەیەکی ئازادیان لەبەردەمە. یەکەم، مەگەر بە دەگمەن، دەنا هیچ نووسەرێ وردەکاری مەبەستەکانی خۆی لە هێما و کەسایەتی و ڕووداوە خولقاوەکانی نێو ڕۆمانەکەی بە ڕووتی ناخاتە ڕوو، و ڕاڤە و شرۆڤەی نێوئاخنی بەرهەمەکە و ناخی کەسایەتی و ڕووداوەکان بۆ خوێنەری ڕۆمانەکە بەجێدێڵێ. دووەم، بە پێی نادیار بوونی مەبەستی نووسەر، خوێنەریش بۆی هەیە هەرجۆرە ڕاژەیەکی بۆ بکا و سەربەستە چۆنی دەوێ مەرامەکانی نووسەر شی بکاتەوە و بە هەر شێوازێکیش بیهەوێ لێکیبداتەوە. ئەم ڕاژەیە شرۆڤە و تێگەیشتنێکی ئازادی منە وەک خوێنەرێکی بەردەوامی بەرهەمەکانی بەختیار عەلی.

**پێشەکی ڕۆمان**

مرۆڤی کورد هەر لە سەرەتاوە بە دیلی دێتە نێو ئەم جیهانەوە. ئەم مرۆڤە ڕەنگە تەنیا مرۆڤێک بێ لەم جیهانە کە پێشوەختە داگیر کراوە و بڕیاری دابەش بوونی بۆ دراوە. داگیربوونی مرۆڤی کورد داگیربوونێکی ئاسایی نییە. داگیربوونێ کە هاوکات لەلایەن سێ زمان و سێ فەرهەنگ و سێ مێژووی پاوانخواز لە ڕێی چوار دەوڵەتی داگیرکەری دڕندە و دیکتاتۆرەوە بەڕێوە دەچێ. ئەم کەسایەتییە بەر لەوەی چاو هەڵبێنێ، لە هەموو مافێکی سەرەتایی بێبەش کراوە و لە جۆگرافیایەکی سیاسی تۆکمەی بە فاشیزم تەنراودا بەند کراوە. مرۆڤی کورد مرۆڤێکی بەند کراوی دابەش کراوە. ئەویش نە بە یەک فاشیزم، بەڵکوو بە چوار شێوەی هاوکات و هاوتەریب لە فاشیزم. ئەم دەسەڵاتە داگیرکەرانە بە هەر شێوەیەک خۆیان بیانەوێ تاکی کورد و جڤاکی کوردی پێناسە دەکەن، دەیسڕنەوە و دوبارە پێشکەشی دەکەنەوە، بە کەیفی خۆیان ناسنامەی بۆ دەتاشن و لێشی دەستێننەوە، کاری پێ دەکەن و متمانەشی پێ ناکەن. بەکورتی ئەوان دەیانەوێ بەرەو هەرکوێ بخوازن تاک و کۆمەڵگای کوردی ئاراستە دەکەن و باڵی دەدەن. ئەگەر ڕاستەوخۆش ئەم کارە نەکەن، بارودۆخێکیان هێناوەتە ئاراوە کە تاکی کورد وەک مرۆڤێکی ناتەواو چاو لە جیهان دەکا و کە دەیەوێ بە خواستی خۆی بفڕێ و بەرەو هەرکوێ بڕوانێ، ئیرادەیەکی مسۆگەری لە خۆی نیە و هەرجارەو بەرەو شوێنێک پەل دەهاوێ و هەر ڕۆژەو بەرو ڕوانگەیەک ڕادەکێشرێ و وەک بوونەوەرێکی بێکێش با بەرەو کوێ بیهەوێ دەیبا.

ئەم جەستە داگیرکراوە، پێش دروست بوونی زۆر شتی لێ دزراوە و زۆریشی لێ قەدەخە کراوە. پێش لەدایک بوون، ناوی دەکوژرێ و لە ڕەشنووسی ناوەکاندا، لە کوروش و محەمەد و چەنگیز بە ڕێکەوت یەکیانی پێدا هەڵدەواسرێ، زمانی دایکی لێ دەبڕن و زمانێکی

بژارده له عەرەبی، فارسی، یان تورکی بە زۆر دەخەنە زارییەوە، هێشتا لە منداڵدانی دایکیدایە و کەچی لە مێژووی خۆی ڕایدەماڵن و ڕەنگاڵەیەکی تێکەڵ لە مێژووی عوسمانی و ئەمەوی و سەفەوی بە بەردا دەدروون. هەر بۆیە ئەم بوونەوەرە ناخواستە سیاسیەکی تۆخ دێتە جیهانەوە کە بە هەڵسوکەوت، بە ڕادەربڕین، بە ئاماژە و بە هەموو شتێکی دیکەی خۆیەوە سیاسییە و ئەگەر تەنانەت هاواریش بکا کە نییە، هەر بە سیاسیش چاوی لێدەکرێ.

بەکورتی مرۆڤی کورد بریتییە لە مرۆڤێکی سیاسی بەندکراو و گومان لێکراو کە لە دۆخێکی دوئالیتی "داگیربوون و خولیای ڕزگاری" هاوکاتدا دەژی. مرۆڤی کورد وەک ڕۆحێک و وەک تارماییەک پێ دەنێتە ژیانەوە و ژیان دەکات. تارماییەک کە کێشی لەدەست داوە، یان ڕاستتر، کێشیان لێ بڕیوە و لێ ئەستاندووە.

بە گومانەوە دەپرسن ناوت چییە؟، بەڵام ڕێگە نادەن ناوی خۆت بڵێی. دەپرسن خەڵکی کوێی؟، کەچی ناوێری بڵێی کوردستان. لە مێژووی باب و باپیرت دەپرسن، بەڵام بۆت نییە ڕاستییەکەیان پێ بێژی. لە زمانت دەپرسن، زمانێ کە خۆیان پیتەکانیان لێ قەدەخە کردووی، لە کتێبت دەپرسن، خۆیان پێشتر سووتاندوویانە.

بەکورتی مرۆڤێکی پووچ کراو، لە جۆگرافیایەکی چوڵ و هۆڵ کراو و بە فەرهەنگێکی خاڵی و پەتی کراو. مرۆڤێکی بێکێش لەنێو نەتەوەیەکی بێکێشدا. ئەم بوونەوەرە بێکێشە با بەرەو هەرکوێ بیهەوێ دەیبا و لە هەرکوێ بیهەوێ فڕێیدەداتە خوارەوە.

********

جەمشیدخان لەم ڕۆمانەدا هێمای ئەم تارماییە بێکێشەیە. ئەو دەتوانێ هێمایەکی گشتی بێ بۆ تاکێکی کورد هەتا سەرکردەیەکی سیاسی کوردی، بۆ مرۆڤێکی ئاسایی سەرشەقام هەتا بزاڤ و ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی کوردی .
بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیانی جەمشیدخان لەم ڕۆماندا تا ڕادەیەک پێمان دەڵێ کە ئەم کەسە هێمای چینی جڵەودار و سەرکێشی جڤاکی سیاسی کوردی باشوورە. گەرچی ئەو دەتوانێ هەر کارەکتەرێکی سیاسی بەهێز بێ، بەڵام لەم نووسینەدا ئێمە زۆربەی کات ناودی دەنێین سەرۆک.
هێما و تاپۆی جەمشیدخان هەر لە سەرەتاوە وەک سەرکردە، یان کەسێکی تۆزێ بیناتر و چاوکراوەتر و ئایدۆلۆژیکتری کۆمەڵگەی کوردی دەردەکەوێ. ئەو بەهۆی کۆمۆنیست بوون لە زینداندایە. کۆمۆنیزم لە مێژووی بەسەرهاتی سەدەی ڕابردووی کورددا سیمبۆلی جڵەوداری هەموو بزووتنەوەکانی سەد ساڵی ڕابردووی کورد و ئەو ڕێباز و ئایدۆلۆژیانە بووە کە مرۆڤی بندەستی کورد بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە ساتەوەختی هەست پێکردن بە داگیربوونی خۆی بە هەموو داشتەکانییەوە، لە خۆیەوە بگرە هەتا فەرهەنگ و دیرۆک و نیشتمان و ...هتد. پەنای بۆ بردووە.
لەم کاروانەدا جەمشیدخانە و مام، خان وەک ئاماژەیەک بۆ پێگەی پێشووتری کۆمەڵایەتی سەرکردەی کلاسیک و مامیش وەک ئاماژە بەو گەورەیی و پیرۆزییە ڕادەبەدەرەی کە ئێمەی کورد بەردەوام بە سەرکردەکانی خۆمانی دەبەخشین. سمایلیش برایە و سالار برازا. ڕاستییەک لە ڕاستییەکانی جڤاکی کوردی. ئەو ڕاستییەی کە کەسە نزیکەکانی سەرۆک دەبێ هەمیشە لە خزم و عەشیرەت و نزیکە خوێنییەکانی خۆی بن.
سالار و سمایل هەردوو وەک یاوەری جەمشید و لە پێناو خولیاکانی ئەودا دەردەکەون. هەردوو تا سەر ئێسقان تواوە لە خزمەت کردنی سەرۆکدان. سالار پیاوێک کە سەرەڕای خزمەتی ڕاستگۆیانە، لەڕووی دڵسۆزییەوە بەردەوام ڕەخنە دەگرێ و بەڵام کەس بە قسەی ناکا، سمایلیش لە بەرگی کەسێک کە وێڕای خزمەت، چاوێکیشی بەرەو خوێندنە. وەک دواتر

دەردەکەوێ بەهۆی سادەگی و سانایییەوە، سالار بەردەوام پشت گوێ دەخرێ و سمایل بەهۆی چاوکراوەیی هەمیشە لە ڕێبازی خان نزیکتر دەبێ و لە کۆتاییدا دەبێتە هاوبەشی کردارەکانی سەرۆک. یەکێ لە هۆکارەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە زاری سالارەوە ڕەنگە بینینی ڕووداوەکان بێ لە چاوی بەشی ڕاستگۆی شۆڕشی کوردییەوە.
چۆن جەمشیدخان پەنا دەباتە بەر کۆمۆنیزم؟! چارەنووسی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی کە بە شوێن ئازادیدا دەگەڕێن، بەتایبەت هەموو سەرکردەکانی کورد و بەتایبەتیتر سەرکردەکانی باشوور بە ئایدۆلۆژیادا تێپەڕیوە. ئەو کۆمۆنیزمەی جەمشیدخانی ڕاکێشاوە هەم وەک هێمایەکە بۆ چەمکی گشتی ئایدۆلۆژیا و هەم وەک یەکێ لە سەرەکیترینی ئەو ئایدۆلۆژیایانەیە کە لەسەر تاک و جڤاکی کوردی بە درێژایی سەدەی ڕابردوو باندۆریان داناوە.
ڕۆمانەکە هەر لە دەسپێکەوە دەڵێ کە چەندە ڕاستە کە مرۆڤی بندەستی سەد ساڵی ڕابردووی کورد هەمیشە پەنای بردووەتە بەردەم ئایدۆلۆژی، بە هەمان ڕادەش هەمیشە لەگەڵ ئایدۆلۆژیدا مامەڵەیەکی هەڵەی نواندووە.
سالار دەگێڕێتەوە کە **"ئەوەی ئەودەم جەمشیدخانی کردووەتە کۆمۆنیست باوەڕێ ئەو نییە بە ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو باوەڕی بووە بە کۆمەڵگایەک مرۆڤ بە ئاسانی تێیدا دڵداری بکات و پەیوەندی نێر و مێ کەمتر حەرام و چاودێری لەسەر بێت".**
بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتی کورد بۆ ڕزگاری نیشتمانی، کورد بەگشتی و سەرکردەکان بە پلەی یەکەم هەمیشە وەک پاڵپشت و ئامرازێکی ڕزگاری پەنایان بردووەتە بەر ئایدۆلۆژییە باوەکانی جیهان، بەڵام هەمیشە زۆری پێنەچووە کە لەم ڕێبازەدا لەباتی ئەوەی بتوانن ئایدۆلۆژیا بخەنە خزمەت تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردەوە، بە پێچەوانەوە ئەو تۆزە هێزەی خۆشیان خستووەتە خزمەت ئایدۆلۆژیا دەرەکییەکانەوە.
دوئالیتەیەکی دیکەی زەق و نەبڕاوە لە شۆڕشی باشوور و سەرکردەکانیدا ژیان لە دوئالیتەی دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران ـ ئێراق بووە. ئەڵبەتە داگیرکەرانی دیکە وەکوو تورکیاش هەمیشە کاریگەرییان هەبووە، بەڵام ڕۆڵی ئێراق و ئێران هەمیشە لەسەر باشوور گەلێ بەرچاوتر و بەکاریگەرتر دەرکەوتووە.

به هەر حاڵ، جەمشیدخان لە زینداندایە، لەژێر ئەشکەنجەدا هێندە قەڵس و لاواز دەبێ کە با لەگەڵ خۆی دەیبات، یان خۆی دەتوانێ بفڕێت. هەر ئەم فڕینەش دەبێتە هۆی هەڵاتنی لە بەندیخانە. لاوازبوونی جەمشیدخان و فڕین یان بابردنی چەندە هێمایە بۆ نامسۆگەری و سەختی ژیانی بندەستی نێو زیندان، ئەوەندەش نیشانەی خۆڕاگری و تواناکانیەتی بۆ بەرگەگرتن و تەنانەت دەربازبوون و هەڵاتنی بەردەوام لەو ژیانە سەختەی بندەستی و داگیرکراوی. ئەڵبەتە پێدەچێ هێمایەکیش بێ بۆ ئەو ڕاستییەی کە سەرکردەی باشوور بەردەوام وەک شتێک بە دەم باوە بشەکێتەوە بەردەوام ئاراستە دەگۆڕن و بەرەو هەموو کەسێک دەست درێژ دەکەن و هەر ڕۆژەو بەرەو شوێنێ دەڕوانن و وەک دواتر لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێ دەکەونە خزمەت هەر کەس و ناکەسێکەوە و با بەرەو هەرکوێ بیەوێ دەیانبا.
جەمشیدخان پەنا دەباتە گوند و چیا، چۆنکە گوندەکان و چیاکان بەردەوام لانکەی خۆشاردنەوە و خۆپاراستنی کورد لە دڕندەیی داگیرکەران بوونە. کە مرۆڤی کورد لە دەسەڵاتی داگیرکەر وەڕەز دەبێ یەکەمین بژاردەی گوند و چیای کوردستانە. دژمنان چەند دڕندایەتییان نواندبێ تا ئێستاش نەیانتوانیوە گوند و چیاکانی کوردستان بە تەواوەتی دەستەمۆ بکەن. لە ساتەوەختی دەرکەوتنی سەرکردە بۆ گوند ئیدی هەموو هێزێکی شۆڕش دەکەوێتە خزمەتی ئەو و گشت پێشمەرگەیەک دەبنە خزمەتکار و گوێڕایەڵی لەخۆ بوردەی سەرۆک. دەبنە پێشمەرگەیەک کە تەنانەت هەموو ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. سمایل و سالار لەم ڕۆمانەدا هێمای ئەو پێشمەرگانەن کە دەبنە پەرژینی سەرۆک، نەکا گەزەندێکی پێ بگا و ڕۆژێ لە ڕۆژان با لەگەڵ خۆی ببیا.
سەرکردەی کلاسیکی کوردی بەردەوام لە خەیاڵی ئەوەدایە کە خۆی لە چاو خەڵکی گەورە بکاتەوە. هەموو سەرکردەکانی باشوور لە پێگەیەکی دەرەبەگی و شێخایەتییەوە هاتوون و هەر ئەوەشیان کردووە بە داردەستێک بۆ بەهێزکردن و ڕەوایەتی دان بە ڕێبەرایەتی خۆیان. بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا بە جوانی ئاماژە بە هەموو ئەو پێگانە دەکات. جەمشید بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی گەورەی خانە، دواتریش لە بارانۆک بە هەڵکەندنی گۆڕەکان دەیەوێ هەم پاڵپشتێکی ئەفسانەیی بۆ گەورەیی

خۆی ساز بکا و هەمیش بە شوبهاندن و دۆزینەوەی هەندێ خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ باڵندەکان جۆرێک لە پیرۆزی و ئاسمانی بوونی خۆی بسەلمێنێ. بە گوتنێکی دیکە جەمشید لە گوندی بارانۆک بەتەواوی سەرکردە بوونی خۆی بۆ هەتایە دەسەلمێنێ.

بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە، نە دەکرێ تا هەتایە لە چیا بمێنیتەوە و نە دەتوانی بە مانەوەی هەتایی لەوێ نیشتمانەکەت ڕزگار بکەی. کەوایە سەرکردەی کورد کە لە هێز و پێکەی ڕاستەقینەی خۆی دڵنیایە، بەردەوام چاوەڕێیە کە لەگەڵ داگیرکەردا بگاتە ڕێکەوتنێکی هەرچەندە بچووک بۆ ژیانێکی بێ کێشە و بە کەمترین دەسکەوت.

هەر بۆیە جەمشیدخان، واتە سەرکردە بەو هیوایە دەگەڕێتەوە داوێنی داگیرکەر، بەڵام ئەمجارەش داگیرکەر خەونێکی دیکەی بۆ بینیوە. دەیەوێ بە ئەم، شەڕی دژمنێکی دیکە بکا تا وێڕای ئەو شەڕە هەم تواناکانی شۆڕش بخاتە خزمەت خۆیەوە و هەمیش بە لاڕێدای بەرێ و لاوازی بکا.

********

پەردەی دووەمی ژیانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد بەگشتی و لەم ڕۆمانەدا سەرۆک، خزمەت کردنە بە وڵاتێک کە بندەستییەتی. مرۆڤی کورد تەنیا لەو کاتانەدا وەک هاووڵاتی دەبینرێ کە نیشتمانی داگیرکەر پێویستی پێیەتی و ئەمیش دەبێ هەموو هێزێکی خۆی بخاتە خزمەت ئەو وڵاتەی کە داگیری کردووە و ئەو دیکتاتۆرەی کە حوکمی دەکا. ئەم ڕاستییە لە زمانی پزیشکە بەعسییەکانەوە بەڕوونی ئاماژەی پێ دەکرێ: **"ئەگەر ساق بن یان نەخۆش، لە جەنگدا دەبێت هەموو جەنگاوەر بین و خزمەت بە سەرۆک بکەین"**. گشت داگیرکەران بۆ ئەوەی کورد بە باشی بخەنە خزمەت خۆیان و تا ڕادەیەک مرۆڤی کورد بەم خزمەتگوزارییە بەلاش و بێ بەرانبەرەی کە ناچارە بینوێنێ دڵخۆش بکەن و بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە کەڵکی لێ وەرگرن هەمیشە بە ناو و ناتۆرەی سەیر و

سەمەرە دەکەونە تاریف کردن و پێدا هەڵگوتنەوەی. ڕستەی **"لەوێ جەمشیدیان بە کوردە باڵدارەکە بانگ دەکرد"** بە تەواوی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە. لە شوێنێکی دیکەدا سەرفەیلەق بە گوتنی **"نیشتمان قەرزارباری تۆیە"** پەسنی خزمەتەکانی جەمشید دەداتەوە. کۆلۆنی کردنی مرۆڤ و جڤاکی کوردی بە ڕادە و بە شێوەیەک بەڕێوە دەبرێ کە ئیدی وردە وردە مرۆڤی کورد خۆی بە دوای خزمەت کردندا دەگەڕێ و بە شێوەیەکی ماشینی دەکەوێتە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی. جەمشیدخان بە ڕستەی **"کوڕینە، تەماشا بکەن بە چ دەردێ چووین، حاڵمان بە چی گەیشت، ... وامان لێ هاتووە ئێمە بە دوای بادا دەگەڕێین"** لە ڕۆمانەکەدا ڕاسەڵەی ئەو دۆخەی کە تێیدا کەوتووە بە جوانی وێنا دەکا. پێدا هەڵگوتنی وەک جوامێر، بەهێز، دڵاوەر و... بۆ کورد، چ وەک تاک و چ وەکوو جڤاک، کلیشەیەکی کلاسیکی و باوی پێدا هەڵگوتنەوە و لاواندنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی هەموو داگیرکەرانە بۆ کورد. خاڵێکی گرنگی مامەڵە کردنی ئێراقییەکان لەگەڵ جەمشیدخان ئەوەیە کە زۆر لە شێوازی مامەڵەی ئێرانییەکان لەگەڵ ئەودا (کە دواتر باسی دەکەین) جیاوازە. ئێراقییەکان جەمشیدخان و هاوڕێکانی بەردەوام لەڕێگەی ئەفسەرەکانی سوپاوە کۆنترۆڵ دەکەن و فەرمانیان پێ دەدرێ. هەروەها بە شێوەیەکی ڕۆتینی و کەرستە ئامێز چاو لە هێزی جەمشیدخان دەکەن.
سیاسەتی ئێراق بەرانبەر بە کورد هەمیشە شێوەیەکی ڕەق و ڕووتی هەبووە و هیچکات نەیویستووە، یان نەیزانیوە بە شێوەیەکی نەرم و بە فێڵ و سیاسەت کەڵک لە کورد وەرگرێ، یان لەسەری کاریگەری هەبێ. ئەمە خاڵێکی جەوهەری جیاوازی داگیرکەری عەرەب و ئێرانییە.
بە هەر حاڵ خزمەت کردن لە بندەستیدا دەوام دەکا. خزمەت کردن و بەهەدەر دانی تواناکان لە خزمەت داگیرکەراندا دەگاتە ڕادەیەک

که ئێدی خودی جەمشیدخانیش دەگاتە پووچی و دەگاتە ئەو ئاکامەی کە ئەم خزمەتە جگە لە بەتاڵی و پووچی بەرهەمێکی ئەوتۆی دیکەی نییە. ئەمە تەنیا جەمشیدخان، واتە سەرکردەی کورد نییە کە لە ناخیدا دەگاتە ئەم ئاکامە، بەڵکوو ئەوەی کە لە خزمەت سەرۆکدایە و پێشمەرگە و گوێڕایەڵییەتی، تەنانەت لە سەرۆکیش زووتر هەست بە پووچی ئەم ڕێگایە دەکا. کاتێ سالار دەڵێ "**تەنیا سەیری ئاسمانم دەکرد و لە ڕووناکی و تاریکیدا بەدوای جەمشیدخان دا دەگەڕام و... لە دەوری شتێکی نادیار کە نەمدەزانی چییە، وێڵ بووم،**" دیارە زۆر زووتر گەیشتووەتە ئەو پووچییە. ئەڵبەتە جەمشیدخانیش دەمێکە هەستی بەو بۆش و هەڵپانە کردووە، بەڵام نایەوێ، یان ناوێرێ لای ژێردەستە و سەربازە فیداییەکانی بیدرکێنێ، بەڵام دواجار بە زانینی ئەوان دەهەسێ و ئەویش دانی پێدا دەنێ. "**سەیر کە برازای ئەزیز، سەیری هیچی بکە، تا دەتوانیت لەو بۆشایی و بەتاڵییە بڕوانە، چۆنکە ئەو بۆشاییە کە مامی بەدبەختی خۆت هەردەم مەلەی تێدا دەکا ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی هەموومانە".**
وەک چۆن لە پێشتردا ئاماژە پێکرا، شۆڕشگێڕی کورد بۆ ڕزگاری پەنا دەباتە بەر ئایدۆلۆژیای دەرەکی و دواجار بە پێچەوانە هەم هێزی خۆی و هەم هێزی نیشتمانیش دەخاتە خزمەت ئایدۆلۆژیاوە و سامانی نیشتمان دەکاتە قوربانی بۆ ئەو شتەی کە بڕیار بوو ئەو ببێتە قوربانی بۆ نیشتمان. خەسڵەتی لەم شێوەیە لە بواری زۆر و جیاجیادا لە شۆڕشی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. یەکێ لەو بوارانە پەیوەندی نێوان سەرۆک و ژێردەستەکانییەتی. شۆڕشگێڕێ کە دەکەوێتە ژێر فەرمانی سەرۆک و لە خزمەت سەرۆک دەبێ، هێدی هێدی دەبێتە موریدێکی ڕاستەقینەی سەرۆک و لەودا دەتوێتەوە، و لەو بترازێ هیچی تری بۆ گرنگ نامێنێ و لە قسەی ئەو بترازێ هی کەسی پێ ڕاست نییە و هەموو شتێکی خۆی لە سەرۆکدا

دەبینێتەوە.
سالارخان وابەستە بوون و توانەوەی خۆی و سمایل لە سەرۆکدا بەم شێوەیە وێنا دەکا: "**لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پەتەکەی ئێمە و جەمشید لەوە کەوتبوو پەتێکی بێ ڕۆح و مردوو بێت و ببو بە کاناڵێکی ڕاستەقینەی هەست و ترس و خواستەکانیش...**". ئەم جۆرە توانەوە لە سەرۆکدا لە شۆڕشی هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت لە باشووردا گەلێ تۆخ و بەرجەستەیە و مەگەر بەدەگمەن، دەنا یەخەی کەمتر کەسێکی نێو شۆڕشی نەگرتووە و دواتر کەمتری کەسێکی بەرداوە. سالار تا کۆتاییەکانی ڕۆمانەکە ئەگەرچی هەندێ جار لەلای خۆیەوە ڕەخنە لە جەمشیدخان دەگرێ، بەڵام قەت بیر لەوە ناکاتەوە کە بەجێی بێڵێ و تەنانەت لەو قۆناخانەش کە جەمشید ون دەبێ، هەر چاوەڕێیە بگەڕێتەوە و ئەویش دیسان ببێتەوە بە خزمەتکارەکەی جارانی سەرۆک. سالار چەندین جار دوبارە و دوبارە دەیلێتەوە کە ئەو و سمایل جگە لەوەی لە خزمەتی جەمشیدخان دا بن بە کەڵکی هیچی دیکە نایەن.
ڕوویەکی دیکەی داگیربوونی مرۆڤ و جڤاکی کوردی ئەمەیە کە بەهۆی گۆڕانی هێزی داگیرکەران، بەردەوام هاوسەنگی نێوانیان لە ئاڵوگۆڕدایە و هێز لە نێوان ئەواندا بەردەوام دەستاودەست دەبێ و لە هەر قۆناخێکدا هەیمەنەی یەکیان بەسەر کورددا زاڵ دەبێ و دەشکێتەوە.
ئەمە هۆکارێکی گەورەیە کە هەمیشە بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرکردەی سیاسی کورد زوو بە زوو لە بندەستیدا جێگۆرکێی پێ بکرێ و هەردەم بکەوێتە ژێر ڕکێف و هەژموونی لایەنێکەوە. ئەگەریش نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، بەردەوام لە دۆخی جیاواز و کتوپڕدا ژیاوە و ژیانێکی بێ مسۆگەری و هەردەم لە مەترسی لە پێشیدا بووە. جەمشیدخان لە ساتەوەختێکی چاوەڕوان نەکراو و کتوپڕدا دەکەوێتە دەست ئێرانییەکان و ئەمجارە دەبێتە

ئامرازێ بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی ئەوان. هەندێ جاریش کە سەرکردەی شۆڕش دەچێتە ژێر هەژموونی داگیرکەرێکی دیکەوە، یان دەکەوێتە نێو دۆخێکی جیاوازەوە، هێزەکانی ژێردەستی هەرکەسە و بە ڕێگایەکدا دەڕۆن و وەک سالار دەڵێ "**دوای ونبوونی جەمشید، من و سمایل هەر یەک بە جیا بەرەو هەرێمێک گوازراینەوە...**" پەرتەوازەیی تووشیان دەبێ. ئەمە یەکێ لە دەردە کوشندە هەمیشەییەکانی هەموو شۆڕشەکانی کورد بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بووە. بە هەر حاڵ، ئەمجارە جەمشیدخان دەکەوێتە دەست ئێران و نۆرەی ئەوانە کە کەڵکی لێ وەرگرن و بەکاری بێنن. بەڵام ڕێبازی بەکارهێنان و هەروەها چۆنێتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جەمشیدخان دا زۆر جیاوازترە. پێچەوانەی ئێراقییەکان کە جەمشیدخان تەنیا بە شێوەیەکی ڕواڵەت و بۆ ڕایی کردنی کارە ڕۆژانەکانیان بەکار دێنن، ئێرانییەکان ئەو بە شێوەیەکی نەرم و بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ ئایندە بەکار دێنن و وەک سالار دەیگێڕێتەوە "**زۆر جار جلی ئیمامەتیشیان لەبەر دەکرد و لەسەر هێزەکانی خۆیان بەرزیان دەکردەوە و لەناو سەرباز و بەسیج و پاسداراندا دەیانکردە هەڵا و دەیانگوت ڕەزمەندەگان، ڕەزمەندەگان!، بڕوانن ئەوە ڕۆحیانەتی ئیمام حوسەینە لە سەرەوەڕا دەمانپارێزێت**"، بەم شێوەیە ڕێبازی گەلێ مەترسیدارتر و قرێژتر بۆ ئامانجەکانیان بەکار دێنن کە ئاسەواری بۆ ئایندەش دەمێنێتەوە. چەندی عێراقییەکان بە ڕووتی ڕەفتار دەکەن، ئێرانییەکان دە هێندە شاراوە و بەپیلان لەسەر کۆیلەکانیان کار دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەست بێ بە جەمشیدخانەوە، دیسان ڕەفتار و ئەندێشەیان پێچەوانەی ئێراقییەکانە کە تەنیا ئەرکە ڕۆژانەکەی خۆیان پێ دەسپێرن و لە بەرانبەردا هیچ هەوڵێک نادەن بۆ ڕاکێشانیان بەرەو خۆیان بەڵکوو بە خۆیانەوە گرێی بدەن و بۆ

ئایندەش بەکاری بێنن.
سالار ئەم ڕەفتار و زیهنییەتەی ئێراقییەکان بە ڕستەگەلی وەک "**ئەو لەسەر قەرەوێڵەیەکی بەرز دانیشتبوون،**" و "**کە گەیشتینە ئەوێ، ژوورێکی تایبەتیشیان دا بە من و سمایل. ژوورەکەی ئێمە تا بڵێی سادە و سەرەتایی بوو**"، وێنای دەکا. بە پێچەوانەوە، ئێرانییەکان بە شێوەیەکی نەرم و نیان و سۆز ڕاکێش ڕەفتار دەکەن و "**لوتفیان نواندبوو و لەسەر داواکاری خۆی دوو یاریدەدەری هەمیشەییان خستبووە خزمەتییەوە کە ناویان غوڵامڕەزا تاهیری و حوسەینعەلی فەسیحی بوو کە دوو گەنجی خۆشڕوو بوون..** ". سالار بە گێڕانەوەی "**هەردوکیان عەرەبی بە باشی دەزانن و کاریان بە سەرێک قایم کردنی پەتەکان و بە سەرێکی دی وانەدادانی فارسی و ڕوون کردنەوەی خەتی ئیمامە بۆ جەمشید**" دەیەوێ بڵێ کە ئێرانییەکان بەم شێوەیە خەریکن داگیرکارییەکی فەرهەنگی و هزری دوورمەودا ئەنجام دەدەن تا بۆ ماوەیەکی درێژ شۆڕشی باشوور لەڕێگەی سەرکردەکانییەوە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. دوای ئەوەی کە "**ئەو دوو گەنجە جگە لە یادگاری شیرین و خۆش لای مامم هیچی دی جێناهێڵن**" و بەتایبەت کە لە سەروبەری "**شەڕی فاو**" دان و شەڕ خەریکە کۆتایی پێدێت و ئەوان کارێکی ئەوتۆیان پێ نەماوە، تەنانەت یارمەتیشی دەدەن کە هەڵبێت.
بەڵام ئەمە کۆتایی داگیربوونی تەواوی جەمشید و شۆڕشی کوردی باشوور نییە. دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ کە سەرکردەی کورد پێش هەموو داگیربوونێک، خەڵک بە خۆیەوە داگیر دەکات. بەواتایەکی دیکە، مرۆڤی کورد دووجار داگیر کراوە، ئەو بە دەست سەرکردەیەکەوە داگیرکراوە کە ئەویش بۆ خۆی لەلایەن دەوڵەت و فەرهەنگی داگیرکەرەوە دیلە. جەمشیدخان پێش گەیشتنی بۆ باشوور با بەرەو ئەسفەهان دەیبا تا فەرهەنگی ئێرانی کۆتا

باندۆرەکانی خۆی بە مەبەستی داگیرکردنی ئایندەی ڕۆحی جەمشیدخان وەک هێمای سەرکردەکانی باشوور داکوتێ. لێرەدا پێویستە کە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین کە گەشتەکانی جەمشیدخان بۆ ئاسمان دوو جۆرە. ئەو کاتانەی کە "**جەمشیدخان با دەیبات**" لەژێر کۆنترۆڵی هێزە سەردەستەکاندایە، بەرەو ئاسمان چوونی بە ئیرادەی خۆی نییە و کەسانێکی دیکە هەڵیدەدەن و هەرکاتێکیش "**جەمشیدخان دەفڕێ**" خەریکە بە ئیرادە و خواستی خۆی بەرز دەبێتەوە، کەچی لە هردوو دۆخدا بە ئاراستەی بندەستی خۆی و هەژموون و سەردەستی داگیرکەران دەجووڵێتەوە.

********

جەمشیدخان لە گەڕانەوەدا لە ئێران دیسان ڕوودەکاتەوە بارانۆک. "**جەمشیدخان بە سەفەرێکی درێژ و پێچاوپێچ کە چەندەها شاری تێکەوت و چەندین هەفتەشی پێچوو گەیشتە سەر سنوور و نیوەڕۆیەک لەگەڵ وڵاخدارێکی ئێرانی و بە هێسترێکی لەڕەوە خۆی کرد بە بارانۆکدا.**" ئەمجارە جەمشیدخان نە با دەیهێنێتەوە و نە خۆی بە فڕین دەگەڕێتەوە، بەڵکوو هێزێکی داگیرکەری دیکەیە کە دەیهێنێتەوە. ئەم گەڕانەوەیە سەرەتای لاوازبوونی دەسەڵاتی ئێراق و دەسپێکی گەڕانەوەی سەرۆک و هێزەکانی شۆڕشی باشوورە بەرەو ناوخۆ. لێرەدا وڵاخداری ئێرانی هێمایەکە بۆ ئەوەی کە ئێران تەنانەت تا ناودڵی باشووریش لەگەڵی دێتەوە و هەبوونی خۆی دادەکوتێ و لەوێش باندۆر و کاریگەری بە سەر جەمشیدخانەوە لە ئایندەدا هەر دەمێنێتەوە و ئەڵبەتە دەیەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژانی ئایندەش بمێنێتەوە. هەروەها ئەو هێسترە لەڕ و لاوازەی کە جەمشیدخان بە سەریەوە دەگەڕێتەوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بێهێزی دەسەڵاتی سەرۆک و هێزی شۆڕش.

کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی بەعسە، بەڵام هەموو گوندەکان چۆڵ کراون و هێشتا ئەو لەوێدا هێزی هەیە. جەمشێد سەرەڕای گەڕانەوەی، هێشتا لە دەوڵەتی ئێراقی دەترسێ، بەڵام سمایل وەک هێزی فیدایی و هەردەم لە خزمەت سەرۆکایەتیدا بە گوتنی خۆی **"من هێدی هێدی جەمشیدخانم ڕاهێنا ترسی لە با و ئاسمان کەمتر بێ، گەرچی هێشتا زۆر لە هەورەبرووسکە دەترسا، بەڵام فێرم کردبوو هەندێ جار لە باراندا بێتە دەرێ و لەگەڵماندا بڕوات.**" ئەمە سەرەتای قۆناخێکی نوێیە، سمایل وردەوردە بەرەو خوار و بەرەو ئاوەدانی و پێدەشت نزیک دەبێتەوە. سالار دەڵێ **"هەندێجار جەمشیدخانم بۆ ئەرسەلان بەجێدەهێشت و سەرکێشانە دەڕۆیشتم.**" ئەو دەڵێ "**خولیام بوو ڕادیۆیەک پەیدا بکەم و لەوێوە گوێ لە دەنگوباسی دنیا بگرین، تا تێبگەین چی لە دەرەوەی ئەم پەناگا کێوییەی ئێمە دەگوزەرێت**". ئەوان دەیانەوێ لە هەواڵەکانی ناو شار بەئاگا بێن و لە هێز و هەڵسوکەوتی ئێراقییەکان تێبگەن. دەکەونە هزری ئەوەی کە نامەی گەڕانەوەیان بۆ شار بنێرنەوە، بە دووربین دەوروبەریان دەپێون، بە قسەکانی سمایل پێدەچێ پرۆسەی ئەنفال لە حاڵی ڕوودان و جێبەجێ کردندا بێ، "**ئێمە لە وێرانەکانی بارانۆکەوە بە تیرەی پتر لە پەنجا کیلۆمەتر جێگایەکی ئاوەدانیمان لێوە نزیک نەبوو، چەکدارەکانی دەوڵەت لە هەموو شوێنێک بوون، بەعسییەکان هەوڵێکی گەورەیان دەدا خەڵکی جووتیار لە چیاکان دوور بخەنەوە**". ئەو ئەم پرۆسەیە بە ڕاوەکەروێشک ناودەبا و دەگێڕێتەوە کە "**جارجار دووربینەکەم دەدایە دەست مامم و دەمگوت مامە تەماشا بکە... تەماشای ئەو سەربازانە بکە لە بەفردا ڕاوەکەوێشک دەکەن**". لە بارانۆک و لەو زستانەدا بۆ یەکەمجار سەرۆک لەگەڵ هەڤاڵانیدا دەکەوێتە بیروڕا گۆڕین و نەخشەدانان بۆ دواڕۆژ. ڕۆمانەکە ئەم کارەی جەمشیدخان لە هێمای دۆمینە کردندا دەخاتە ڕوو.

**"ئەرسەلان و مامە جەمشیدم هەموو زستانیان لە یاری دۆمینەدا بردەسەر، ئەوە تاکە شتێک بوو دەیتوانی دڵی هەردوکیان خۆش بکات و وریا بیانهێڵێتەوە"**. لە ڕۆمانەکەدا سمایل پێشتر ئەرسەلانی وەک کوڕێکی زیرەکی شارنشینی یاخی لە باوک و خوێندکار پێناسە کردووە. دومێنە کردنی جەمشید و ئەرسەلان ئاماژەیە بۆ بڕیار و ئارەزووی چینی نوخبە و خوێندکاری شۆڕش بۆ ڕۆژانی داهاتووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. سمایل بە جوانی دەڵێت **"جەمشید بە شێوەیەکی منداڵانە دەیویست بەردەوام بیباتەوە، بەوەدا من یاریزانێکی گەورە نەبووم، ئاسان لە منی دبردەوە، بەڵام نەیدەتوانی وەها ئاسان ئەرسەلان بگرێت کە ئەویش بەدڵ حەزی لە بردنەوە بوو"**. وەک دەبینرێ کە سمایل وەک پێشمەرگەیەکی ئاسایی و سەربازی سەرۆک هەردەم گوێڕایەڵ و لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی سەرۆکدایە، کەچی ئەرسەلانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار دەیەوێ لە بەڕێوەبردنی کایەکانی دواڕۆژی کۆمەڵگادا هاوبەش بێ بەڵام سەرۆک، واتە جەمشیدخان ئەگەرچی هێندەی ئەو خوێندەوار و زیرەک نییە، لە بەرانبەریدا دەوەستێ و بەناچار وەک سمایل دەڵێ **"وامان دەکرد بەر لە خەو دەستێک بە جەمشیدخان بدۆڕێنێت تا من بتوانم بێ گرفت بخەوم"**. ئەم دۆڕاندنە دەسپێکی دۆڕاندنی چینی نوخبەی بزاڤ و کۆمەڵگای کوردییە لە بەرانبەر کاریزمای سەرکردەدا. بەم شێوەیە ناچار دەبێ خۆی بدۆڕێنێت و هەموو شتێکی دواڕۆژ بخاتە بەر ڕەحمەتی هزر و بیرکردنەوە و بەڕێوەبردنەکانی سەرۆک.

وەک لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێت تا کۆتاکانی ڕۆمانەکە ئیتر باسێک لە ئەرسەلان نامێنێت و بە تەواوی دەخرێتە پەراوێزی ئایندەوە تا ئەو کاتەی کە دیسان سەرۆک بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگە لەڕێی دەسەڵاتی چوارەمەوە پێویستی پێیەتی.

بە هەر حاڵ، ئەوان بە ناردنی نامە پەیوەندی لەگەڵ شاردا دروست

دەکەن و بەم شێوەیە هەبوون و تامەزرۆیی و خواستی گەڕانەوەی خۆیان بە شار ڕادەگەیێنن. بەرهەمی نامەکە دەبێتە دوبارە پەیوەندی گرتنەوەی هێزی ناو شار. سمایلی **"گەنجێکی باریک و ماندوو بە چاویلکەیەکی گەورە و کۆڵەپشتێکی قورسەوە کە پێدەچوو لە ژێریدا بناڵێت"**، هێمای دەموچاوی هێزی نێوشاری شۆڕشە کە دەمێکە لە شاردا ماوەتەوە و دیسان دێتەوە بۆ لایان و دیسان هەردوو باڵی هێزەکە یەک دەگرنەوە و وەک سالار دەڵێ **"ئەوە لای من وەک دابەزینی سوپایەک لە فریشتە وەها بوو."** دیکتاتۆری داگیرکەر لە پاشەکشەدایە و "ئەو چەند مانگەی دواتر تا دەهات دەوڵەتی ئێراق لە باشوورەوە پتر لە ئەگەری جەنگەوە دەئاڵا، لەبەر ئەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ دەستی لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوور شلتر و لاوازتر دەبوو". هێنانی **"کۆمەڵێ کتێبی ئینگلیزی و پارەیەکی باش و هەندێک دەرمانی گرنگ و ڕادیۆیەکی نوێ و باتری زۆر"** لەلایەن سمایلەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو پەیام و یارمەتییانەی کە بۆ بووژانەوەی پێشمەرگە و هێزی کوردی دەنێردرێن. وێڕای ئەم هەلومەرجە لەبارە کە هێدی هێدی دێتە پێش، سالار بە ڕستەی ..."**بەڵام دوای هاتنی سمایلیش هیچ نیشانەیەک لە جەمشیددا دەرنەکەوتەوە کە بیەوێت بفڕێت و جارێکی دی جیهان لە ئاسمانەوە ببینێت**" باس لە نائامادە بوونی سەرۆک دەکات. بەڵام هێزی ناوشاری شۆڕش کە زیاتر بارودۆخەکە دەناسێ لە کەسایەتی سمایل دا بە ئومێدە و هەموو جارێ دەڵێ **"دیکتاتۆر هەوت ڕۆحی هەبێت، یەکێکیان دەرناکات، تازە تەواو هەموو دنیا دژی سەدام حوسەین هەستاوە، ئەمریکییەکان، ئینگلیزەکان، هەتا ئاڵمان و ژاپۆنەکانیش... مامە... مامە جەمشید ئەمە دوا ساڵی دیکتاتۆرە، پێبکەنە و دڵخۆش بە"**. ئەڵبەتە سالار لایەنێکی دیکەی حاڵ و ڕۆژی سەرۆک دەخاتە ڕوو کە ئەویش پەرۆشییەکی ڕەوا و دروستە لە ئایندەیەکی نادیاری دوای سەدام.

**"بەڵام جەمشیدخان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کۆبوونەوەی دەبارەی هەرسێکمانی لە بارانۆک بە نیشانەیەکی شووم و ئاماژەیەکی گەورە بۆ سووڕی خراپ و ئەبەدی بەدبەختییەکان لەقەڵەم دا".** ڕووداوەکانی دوای سەدام و دیکتاتۆریەتی پاش ئەو و داگیربوونی سێ لایەنەی باشوور لەلایەن ئێران، ئێراق و تورکیاوە ئەم ڕاستییەی سەلماند. ڕەنگیشە مشووری جەمشیدخان لەبارەی سووڕی بەدبەختییەکانی ئایندە، ئاماژە و هێمایەک بێ بەو دۆخەی کە ڕۆحی دیکتاتۆری خودی ئەو لە ئایندەدا بەو بەڕێوەبردنە ناچڵ و سەقەت و ناتەواوە تووشی جڤاکی باشووری دەکا.

********

**"جەمشیدخان ڕای وابوو کە دیکتاتۆرەکان وەک قەقنەس وان، نامرن، بەڵکوو بۆ چەند ساتێک دەبنە خۆڵەمێش و دواتر لە خاشاکی خۆیاندا هەڵدەستێنەوە".** ئەم بۆچوونەی جەمشیدخان زۆر ڕاستە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراقیش بەتایبەتی. لەم دەڤەرەدا بەردەوام دیکتاتۆر هەڵدەکەون، بەردەوام دێکتاتۆر دادەبەزن و دیسانەوە دیکتاتۆر دێنە دنیاوە. ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی ڕۆحێکی تا سەر ئێسقان دیکتاتۆرە. **"جەمشیدخان باوەڕی وەها بوو سەدام حوسەین و سێبەرەکانی لە جەهەنەمیشەوە بێت دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی تۆڵەمان لێبکەنەوە".**
دوای گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە بە بێدەنگی، سالار شتێکی سەیر دەگێڕێتەوە کە **"وەک لەوێدا پەیوەندی ئێمە و مامم کۆتایی هاتبێت، لەبەر دەرگەی ماڵی حیسام خان خوداحافیزییەکی گەرمی لێکردین و ئەو هەستەی بە من و سمایل بەخشی کە چیتر نایەوێت هاوکاری بین".** ئەمە دەسپێکی جیابوونەوەی سەرۆکە لە

هێزی ڕاستەقینەی شۆڕش و چوونە ناوەوەی ژوورە خانانەکەی خۆی لە "**قاتی سەرەوەی ماڵی باپیرە کە زیاتر لە دوازدە ساڵ بوو جێی هێشتبوو**". ژوورەکەی سەرۆکی دسەڵاتدار و جیابوو لە هەڤاڵانی سەردەمی خەبات ئێستا "**هەمان شێواز و دیکۆری هەبوو کە لەوەوبەر بۆی داڕشتبوو، جگە لە وێنەکانی مارکس و ئەنگلز کە چیدی بە دیوارەکانەوە نەمابوون**". نەمانی وێنەکانی مارکس و ئەنگێلز لەلایەک ئاماژەیە بۆ تێکچوونی سیستەمی سۆسیالیستی سۆڤیەت کە پێشتر لەلایەن سەرکردەی باشوور وەک هێزێکی پشتیوان و ڕزگارکەر دەبینرا و لەلایەکیش ڕۆیشتن و نزیکبوونەوەی سەرکردایەتی باشوورە بەرەو دەسەڵاتی سەرمایەداری ڕۆژاوا وەک یارمەتیدەری کرداری بۆ سەرخستنیان. سەرۆک کە لەمەو دوا خۆی دەسەڵاتە دوای ئەو هەموو ساڵە هاتوچۆی لەنێوان داگیربوون بە دەستی داگیرکەر، هەڵاتن و فڕین لەو داگیربوونە، دیسانەوە پەنابردن بۆ لای ئەو، بابردن و کەوتنە دەست داگیرکەرێکی دیکە، هاتنەوە و سەرکەوتن، هەلێکی بۆ ڕەخساوە کە جڵەوی کۆمەڵگەی باشوور بەتەواوی بگرێتە دەست، بەڵام لەم هەلەدا بە شێوازیکی دیکە داگیر دەبێ. داگیربوون لە خۆشگوزەرانی و لەو دەسەڵاتەی کە پێی گەیشتووە. کاتێ سمایل باسی جەمشیدخان وەک هێمای دەسەڵاتی پەتی و ڕەهای باشوور دەکات کە لە "**میوانخانە گەورەکەی باپیرەدا لە دەستێ جلی کوردی و بە مشکییەکی گەورەوە**" بینیویە، ڕاستەڕاست ئاماژە دەکا بەو خوشگوزەرانییەی کە جەمشید، واتە سەرۆکی ڕەهای تێکەوتووە. بەوەی کە سەردەمی تاجی فەرمانڕەوایی نەماوە، بەختیار عەلی بە ئەنقەست لەجێی تاج مشکی بەکار دێنێ تا ئاماژەی بە بەردەوامی تاج و تەخت کردبێ.

لە فەرهەنگی پیاوسالاری تا سەرئێسقان تامەزرۆی شەهوەتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئافرەت هێما و سیمبۆلێکی سەرەکی خۆشگوزەرانییە. لەم ڕێگایەدا کەسایەتی تامەزرۆی ئەو تێربوونی

بۆ نییە و بەردەوام لەوەدا زیاتر و زیاتر ڕۆدەچێ و هیچکات تامەزرۆیی ناشکێ و بەردەوام داوای زیاتر دەکا. **"ئەو هەموو کچە ناسیاوەکانی دەوروبەری خۆمانی بەکار دەهێنا تا لە ڕێگای ئەوانەوە بگات بە کچی تر"**. لەم تێکەوتن و مەلە کردنە لە ئەشرافییەتدا کە سەرۆک لە قەرەبووی ئەوەدا کە **"ئەو لە سێزدە ساڵی ڕابردوودا هەموو ژیانی بە هەموو چرکە شاد و ترسناکەکانییەوە لە ناو پیاواندا بردووەتە سەر"**، پێی وایە **"ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بدات بە زیندەگی و کاتی خۆی بۆ گوێگرتن لە ژنان تەرخان بکات"**. جەمشیدخان لە هێزی ئەشرافییەت تێدەگا و دەزانێ و **"تێکەڵ بوونی بەردەوام لەگەڵ ئافرەتدا هێز دەبەخشێتە پیاو"**. ئەو کە تامی چێشتووە، لە سافیناز دا دەگاتە ئەوپەڕی نوقم بوون لەو ئەشرافییەتەدا و ئەمجارە بۆ خۆی دەکەوێتەوە بیری فڕین. ئەو وەک خۆی دەڵێ **"تازە عاشق بووم، وەک گەمژەیەک، ئا وەکوو گەمژەیەک"**. سەرۆکی گەمژەی نوقم بوو کە تازە خۆی لەم ژیانە خۆشەدا ون کردووە، بۆ گەیشتن بە لووتکەی ئەو ژیانە دیسان پەنا دەباتەوە بەر یارمەتی و فیداکاری یارە دێرینەکانی. **"هەر ئەو ڕۆژە مامە جەمشیدم ناردییەوە بەدوای من و سمایل دا و گوتی دەبێ خۆمان ئامادە بکەین و پەت بکڕین، چۆنکە نیازییەتی دوبارە لەم شەوانەدا بفڕێت"**. ئەڵبەتە ئەوانیش ئەگەرچی وەک سالار دەڵێ **"بە دوودڵییەکی زۆرەوە ملمان بۆ داخوازییەکەی دا"**، بەڵام **"بۆ ڕۆژی دوایی من و سمایل بە هەمان جۆش و خرۆشی جارانەوە بۆ خزمەتی جەمشید چووین بۆ بازاڕ و..."** و بەم شێوەیە و بەم بانگەوازەی سەرۆک و بە وەڵام دانەوە و بەدەمدا چوونەوەی پێشمەرگەکانی، ئیتر پێشمەرگەی جارانی هێمای پیرۆزی، لەمەو دوا دەبێتە هێمای نەگبەتی. دەسکردنی جەمشید بە فڕین لە جیهانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردندا دەگاتە زەماوەندی لەگەڵ سافیناز. سالار بە شرۆڤەی

**"... لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ژیانێک بوو کە ئێمە تیا نەدەژیاین و جەمشیدخان تیا دەژیا"** ئەم تێکەڵبوونە تەواوەی سەرۆک و دیسان بە قوربانی بوونی خۆی لەپێناو ئەودا ڕەخنە دەکا. بەڵام ئەم سەرکێشییە لە ئەشرافییەتدا و وەک سالار دەڵێ **"دڵدارییەکەی جەمشیدخان زۆر قورس لەسەر هەمووومان تەواو بوو"** ئەم کارە نەتەنیا دەبێتە هۆی هەڵامەت و پژمینی بەردەوام و کۆکەی سمایل و سالار وەک ئاماژەیەک بۆ ئالوودە کردنی ئەوانیش لەپێناو حەزەکانی خۆیدا، بەڵکوو دەبێتە هۆی دابەشکردنی سامانی ئەم وڵاتە و دواتر بەفیڕۆ چوون و بەهەدەر دانی هەمووی.
سافیناز شەوێکیان جەمشید دەداتە دەست با بەرەو نادیار و هەموو سامانی دەبات بەرەو هەندەران. ئەمە ئەو خۆشگوزەرانی و ئەشرافییەتەیە کە سەرکردەکانی باشوور بە هۆیەوە هەموو سامانی وڵاتیان ئاودیوی سنوورەکان کردووە و بەرەو بانکەکانی ڕۆژاوا ناردوویانە. ئەو موڵکانەی کە ئەشرافییەتی جەمشیدخان لە کەسایەتی سافینازدا هەمووی دەفرۆشێ ئاماژەیە بۆ ئەو هەڕاج و تاڵان کردنەی کردنەی نەوت و گاز و هەموو سامانێکی دیکەی وڵات. بەکورتی ئەمجارە لە بابردنی جەمشیددا، پووکانەوە و داڕمانی ئابووری وڵات ڕوودەدات. ئەم پووکانەوە دەروونییە وادەکات کە تەنانەت مەترسی لەناوچوونی دەسەڵاتی سەرۆکی لێ دەکەویتەوە.
**"لەو ماوەیەدا حیسام خان و مامم چەند جارێ کەوتنە سەر ئەو خولیایەی پرسە بۆ جەمشیدخان دابنێن، بەڵام من هەموو جارێک دەموەستاندن و دەمگوت جەمشید زیندووە..."**.

********

دەسەڵاتی باشوور و سەرکردەکانی هیچ کاتێ تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ بزاڤەکانی پارچەکانی دیکە نەبووە، تەنها ئەوە نەبێ کە لە ڕۆژی تەنگانەدا

دەستیان بۆ ڕاکێشاون و یارمەتییان لێ خواستوون. هەمیشە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە و لەکاتی تەنگانەدا خۆیان خستووەتە پەنا و باوەشی بەشەکانی دیکەوە، بەڵام هیچ وەختێ پێیان خۆش نەبووە کە هێزەکانی بەشەکانی دیکە بێنە باشووری کوردستان. جەمشید دوای بابردنی ئەمجارەی دەکەوێتە لای گەریلاکانی پەکەکە. ئەمە تەنیا پەیوەندی جەمشیدخانە لەگەڵ پەکەکە و بەگشتی هێزەکانی دەرەوەی باشوور. ئەگەرچی گەریلا یارمەتی جەمشید دەدەن و دەرمان و تیماری دەکەن و ئەویش هەندی جار بە شێوەیەکی کاتی بە فڕین یارمەتییان دەدات، ئەو گێڕانەوە کورتەی دانووستان و پەیوەندی نێوان جەمشید و پەکەکە لە ڕۆمانەکەدا دەیەوێ بڵێ کە پەکەکە هێزێکە کە لە باشوور دەستی کورتە و هێندە کاریگەری لەسەر ئەو بەشە نییە. خاڵێکی گرنگ لەم بەینەدا ئەوەیە کە گەریلاکان دەیانەوێ یادەوەری ئەو بگەڕێننەوە، وەک ئەوەی ئەوان بیانەوە جەمشیدی هێمای سەرکردەکانی باشوور لە هەڵەکانی تێبگا و ڕابردووی خراپی خۆی بێنێتەوە بەرچاو. بەڵام هەرچەند "**ماوەیەکی درێژ دەرمانی دەکەن و دەیخەنە بەر خزمەتێکی تایبەتی، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود دەبێت**". لەڕاستیدا ئەو هەوڵەی پەکەکە وەک هێمای هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی باشووردا تا ئێستاش هەر بەردەوامە و هەرمای بێ سوودیشە. ئەو "**تەنیا شتێک لە یادییەتی ئەوەیە کە دەتوانێت بفڕێت و دەشزانێت ناوەکەی بە وشەی خان کوتایی دێت**" و بەم شێوازە دیسان بە هەموو کەسێ دەڵێتەوە کە کێ سەرۆکە و کێ دەبێ بە سەرۆک بمێنێتەوە. ئەم بێهۆشی و لەبیر چوونەوەیە دوای بابردن شتێکی هەڵکەوت نییە، بەڵکوو بەشێکە لە کارەکتەر و کەسایەتی سەرکردەی باشووری. ئەم لەبیر کردنەوەیە دوای هەموو کەوتنە خوارەوە و نسکۆیەک، یەکێ لە نیشانە هەرە گرنگەکانی لەبیر کردنی مێژوو و بەردەوام ئەزموون وەرنەگرتنە لە ڕووداوەکان.

جەمشیدی سەرکردە دوای هەر کەوتنێک هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە، بەڵام زۆربەی کات خان بوون و سەرکردە بوونی خۆی لەبیر ناچێتەوە. ئەو تەنانەت لەکاتی نووسینی بیرەوەری و تێبینییەکانیشدا بەردەوام سەرەتا چەخت لە خان بوونی خۆی دەکاتەوە و بە نووسینەوەی "**من**

**جەمشیدخان کوڕی حیسام خان کوڕی زولفەقار خان کوڕی ئەمین خانم کە نەسڵم دەچێتەوە سەر میر و شاهانی زەند"** گوێی هەموو کەسێ بەم ڕاستییە ڕادێنێ و دەیەوێ بەردەوام خان بوون و سەرۆک بوونی خۆی بدا بە گوێی هەموو کەسێکدا. جارێکیان لە گەرمەی شەڕدا دەکەوێ، کە دەیدۆزەنەوە دوای سێ هەفتە بێهۆشی کە دێتەوە هۆش هەموو یاداشتەکانی لەبیر کردووە، بەڵام هێشتا لە بیرییەتی کە ناوەکەی بە خان کۆتایی دێت. جاری یەکەم کە با لە زیندان هەڵیدەگرێ و دەیفڕێنێ، دیسان دوای بەهۆش هاتنەوەی لەبیری دەچێ کە کۆمۆنیست بووە. زیاتر لەمە زۆربەی بیرەوەرییەکانیشی لەبیر نەماوە. جارێکی دیش لەلای پەکەکە با دەیخاتە خوارەوە و دیسان **"ئەو کەوتنە خوارەوەیەی هەموو کارەکتەری پێشووی جەمشید دەسڕێتەوە و شتێکی دی تیا سەوز دەکات کە تا ئەو کاتە بەو نامۆ و نەناسراو بووە"**. بەم شێوەیە بەردەوام سەرکردە دەگۆڕێ، هیچ پرەنسیپێکی نەگۆڕ لە کەسایەتی ئەودا بوونی نییە، بەردەوام با چۆن جەستەی دەبا و دەهێنێ، هەر بەو جۆرەش کەسایەتییەکەی دەگۆڕێ، بەڵام قەت لە خانیەتی ناکەوێ.
جاری دووەمی کەوتنە خوارەوەی لەلای پەکەکە، **"گەریلاکان کە بەڕاستی جەمشیدیان خۆش دەویست دەیگوازنەوە بۆ خەستەخانەیەکی بچووکی ناو ئەشکەوتەکان، بەڵام سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و وەک لاڵێک شتێکی مەترسیدار نیشانی خەڵک بدات، دەڵێت خودا... خودا...خودا"**. ئەمە دەسپێکی پەنابردنی جەمشیدە بۆ ئایین. سەرەتای داگیر بوونێکی دیکە، داگیربوون لە ئاییندا و بەهێز بوونی ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانی شتێک کە ڕۆمانەکە وەک شتێکی مەترسیدار پێناسەی دەکات. ئا لێرەدایە کە **"دوای ئەوەی گەریلاکان هەر چییەکیان بۆ دەرمان کردنی خان لە تواناندا دەبێت دەیکەن، ڕۆژێکیان ئەو کیژە ڕادەسپێرن ئەم پیاوە نەخۆشە کە چیتر لەو کێوانە سوودی بۆ کوردستان نییە بیگێڕنەوە بۆ باشوور"**. ئەمە کۆتایی هیوای ڕاست بوونەوەی هەڵەکانی سەرکردایەتی باشوورە. ئەو کە کچە گەریلاکان دەیگەڕێننەوە و سالار لەو ماڵەدا دەچێتە سەری، لەناو پێخەفە شڕێکدایە وەک ئاماژەیەک بۆ نەگۆڕێ هەڵسوکەوت و سیاسەتە کۆنە هەڵەکانی پێشووی. دیسان لێرەشدا دوای هەفتەیەک کە سالار دەناسێتەوە، ئەو

وەک سالار خانی کوڕی سەرفراز خانی کوڕی حیسام خان دێنێتییەوە بیر خۆی تا وەک هەمیشە بیسەلمێنێ کە خان کێیە. سەرەڕای سڕینەوەی کارەکتەری پێشووی دیسان هەر بە خان دەمێنێتەوە و دیسان دەیبەنەوە قاتی سەرەوەی کۆشکە دێرینەکەی حیسام خان، وەک بڵێی شوێنی خان هەر لەو بەرزاییەدایە و هەر دەبێ لە بەرزاییدا سەیری خەڵکی بکا و وەک چۆن خۆی جارێ گوتبووی **"من هەموو شتەکان بەوجۆرە دەبینم کە خودا دەیبینێت"**، وەک سێبەری خودا بمێنێتەوە.
هێدی هێدی جەمشید لە خودادا دەتوێتەوە و ئەمجارە دەیەوێ دووبارە بفڕێت. فڕین بە باڵی ئیسلامی سیاسی، ئەڵبەتە بە تێگەیشتنی خۆی. چۆنکە کاتێ سمایل ئەو لە هێز و مەترسی ئیسلامییەکانی دیکە دەترسێنێ، بە وەڵامی **"خودا مۆڵەت لە کەس وەرناگرێت تا خۆی پیشانی عەبدەکانی خۆی بدات، کێ چووزانێ خوا چی دەکات و چی ناکات. ئەوانەی وا دەڵێن دەبێ شەرم لە خۆیان بکەن"**، ڕێباز و ڕوانگەی خۆی لە ئیسلامی سیاسی و بەکار هێنانیدا گەڵاڵە دەکا. ئەو ئێستا بەرزتر فڕینی بەلاوە لە هەموو شتێکی دیکە پێ گرنگتر بوو. لەم فڕینەی جەمشیدخاندا بە گوتنی خۆی **"تا بەرزتر بفڕم، ئەگەری بینینی خودا زۆرترە"** و بە بینینی خودا جۆرێک لە پیرۆزی بە خۆی دەبەخشێ. ئەڵبەتە ئەم ڕێبازە نوێیەی سەرکردە ڕێبازێکە کە بەشێ لە خەڵکیش پێیان ناخۆش نابێت و تەنانەت پێی دڵخوش دەبن. سمایل ئەم پێشوازییە بەم جۆرە وێنا دەکا: **"سەرفراز خانی باوکم و مامە ئەدیبم دوو کەسی دینی بوون، ئەم مەیلە تازەی جەمشید زۆر دڵێ خۆش کردن و بە دەنگی بەرز کەوتنە ستایش کردنی جەمشید و باس کردنی تواناکانی جەمشید بۆ پەیوەندی کردن بە ئاسمانەوە"**. لە بیرمان نەچێ کە ئاڵایە زۆربەی ڕەهای سەرکردەکانی باشوور لە بنەماڵەی شێخ و مەلا بوونە و لە پێگەیەکی ئایینییەوە هاتوون. ئەوەی کە چاوەڕوان کراوە ئەوەیە کە ئەگەرچی سەرەتا جەمشید دەتوانێ هەندێ خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام ئەمجارەش هەر زوو دەدۆڕێنێ و لە کەسایەتی مەلا قاسم دا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایینەوە و لەباتی بەکارهێنانی ئایین، ئەو خۆی دەبێتە کەرەستەیەک بۆ بانگەشەی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی. لە درێژەیەکی دیسان چاوەڕوان کراودا بە فیشەک کە هێمای

توند و تیژی ئیسلامی سیاسییه تێدا دەچێ و بە گوتەی سالار **"ئەو گولانە کارێکیان کرد بۆ هەتاهەتایە خوداشی لەبیر بچێتەوە"**. بەم شێوەیە ئیسلامی سیاسی سەرکردەش وەک هەموو ڕێبازەکانی پێشووتری ناتوانێ ئەم جڤاکە بخاتە سەر سکەی ڕاست و بەرەو پێشی بەرێ و بێ هێزی سەرۆک دیسان بە شێوازێکی دیکە دەردەکەوێ.

وەک دەزانرێ هەموو سەرکردە سیاسییەکانی باشوور هەمیشە لاقێکیان لە وڵات و لاقێکیان لە دەرەوەیە. ئەگەر خۆیانیش بە ڕواڵەت لێرە بن، خێزان و بنەماڵەکانیان دەنێرنە دەرەوە. جەمشیدخان کە چیدی لە ڕێگەی ئایینیشەوە ناتوانێ بە سەرکەوتوویی کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێ، ڕوو دەکاتە هەندەران و بە گوتەی خۆی **"کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین و لە وڵاتێکی دی شانسی خۆمان تاقی بکەینەوە"**. ئەڵبەتە تاوانی ئەو هەموو بە هەڵەدا هەڵفڕینانە و ئەو هەڵفڕاندن و پەرواز دانانەی جەمشید بەدەستی داگیرکەر، ئەو پەڕینەوانەی لەپێناو تالانی سامانی وڵات، ئەو باڵگرتنانەی بە ئیسلامی سیاسی و... هەموو ناکرێ بدرێتە پاڵ نەزانی و بێ مێشکی تەواوی سەرۆک، بەڵکوو بەشێکی گەورەشی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆی. ئەم ڕاستییە لە دیالۆگێکی جەمشیددا بەڕوونی دەکەوێتە ڕوو: **"تا لە سنووری ئەم وڵاتە بین ناتوانین بیر بکەینەوە، هەواکەی بە عەقڵ ناکەوێت، دڵنیام لەودیو سنوور ئیلهامی زیاترمان بۆ دێت"**.

********

جەمشیدخان بەردەوام ژیانی بە فڕین تێدەپەڕێ، جارێ فڕینێکی بێ بەرانبەر لە جۆری بابردن لە پێناو ئێراق وەک نیشتمانێکی ساختە کە بە زۆرەملێ لە سەری تاپۆ کراوە. جارێکی دیکە دەفڕێ بۆ بەرژەوەندی ئێران وەک داگیرکەرێکی دیکەی بەشێکی دی لە نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆی. ئەم فڕینەش هەر لە جۆری بابردنە و هاوتەریب ڕەنگی شێوازێ لە داگیربوونی فەرهەنگی و سیاسیشی پێوە دیارە. فڕێنێکی تر، فڕینێکە کورت مەودا بۆ یارمەتی

هەرچەندە بچووکی هێزە کوردییەکانی بەشەکانی دی، ئەویش نە بێ بەرانبەر، بەڵکوو لە پێناو وەرگرتنی دەوا و دەرمان و یارمەتی. بە گوتنێکی دیکە هێزی باشووری و سەرکردەی باشووری قەت بە بێ بەرانبەر کارێک بۆ هێزەکانی بەشەکانی دیکە ناکات. سەرەڕای ئەمەش، ئەمە تەنیا فڕینێکە کە تێیدا **"ئیدی خانی مامم وای لێ دێت وەک وڵاتپارێزێکی ڕاستەقینە ناوی دەڕوات، هەتا دەڵێن دوو جۆر ئاوازی نوێی بۆ سروودی ئەی ڕەقیب داناوە کە ئەودەم هێدی هێدی خەریک بوو دەبووە سروودی نەتەوایەتی ئێمە و لە هەر چوار پارچەکەدا دەگوترایەوە."**
ئەمە تەنیا شوێنێکە لەم ڕۆمانەدا کە پەسنی فڕێنی جەمشیدخان درابێت. پێدەچێ کە ڕۆمانەکە بەم شێوەیە دەیەوێ ئەو ڕێگە ڕاستەی کە پێی وایە سەرکردایەتی سیاسی باشوور پێیدا بڕۆن نیشان بدا. فرینێکی دیکەی جەمشید خان فڕینە لەپێناو شەهوەتی خوشگوزەرانی و خەرج کردنی سامانی وڵاتدا کە بەداخەوە ئاکامەکەی بە بەفیڕۆ چوونی سامانی وڵات کۆتایی دێت. دوای فڕینی بە باڵی ئایین کە دواتر دەبێتە فڕین لەپێناو ئاییندا و شکستێکی دیکەی جەمشیدخان، ئەمجارە فڕینێکی گەورە و کوشندەی دیکە بەڕێوەیە. جەمشید کە سەرەتا دەیەوێ خۆی بەرەو هەندەران بڕوات بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە ناخۆشەی وڵات کە سیاسەتەکانی خۆشی هۆکارەکەیەتی، زەبرێکی دیکەی گەورە لە نیشتمان دەدا. ئەو بە ڕووکردنە دەرەوە نەتەنیا خەڵکی بەرەو دەرەوە ڕادەکێشێ، بەڵکوو بەدەستی خۆی سامانی مرۆیی ئەم وڵاتە بەرەو کۆچێکی نادیار دەبا. سەرەتای کۆچێکی بەلێشاو. لەم کۆچەی سەرۆکدا سەرسام بوون و شەیدابوونێکی ڕادەبەدەری ئەو دەردەکەوێ، ئەفسوون بوون بە ژنە لەشفرۆشەکان و قومارخانەکانی ئەستەمبۆڵ. ئەم شێوە نوێیە لە داگیربوون لە سەرکردەی کورد بگرە هەتا خەڵکی ئاسایی باشووری کوردستان،

هەموویانی داگیر کردووە. بەدەگمەن دانیشتووی باشووری کوردستان هەن کە سەریان لە تورکیا و ئێران نەدابێ، ئەویش نە لە ناوچە کوردییەکان، بەڵکوو لە ناو تورکان و فارسەکاندا. مرۆڤی کوردی باشووری و بەتابەت سەرکردە سیاسییەکانی بە جۆرێک ڕۆحیان لەلایەن فەرهەنگی فارس و تورکەوە داگیر کراوە کە سەردان و گەشتیاری بۆ ئەم وڵاتانە جۆرێکە لە شانازی. کاتێ کوردێکی قاچاخچی باکووری بە دڵسۆزییەوە ڕوودەکاتە سالار و دەڵێ "**ئەم مامەی تۆ زۆر نەخۆشە، ئەمە لە ڕێگەی یۆنان دەمرێت و بەرگەی ئەو دەردەسەرییە ناگرێت، گەر دەتەوێت بیبەیتەوە بۆ شاری خۆت، من کارئاسانیتان بۆ دەکەم**"، جەمشید گاڵتەی پێدێ و پێدەکەنێ و ڕادەسپێرێ کە "**بە شۆفێرەکە بڵێ لێخوڕێت و جواب بۆ گریکەکانیش بنێرە و بڵێ وا جەمشید خانی باڵدار هات**". لەم دیالۆگەدا ئەوپەڕی شانازی و لەخۆبایی بوونێکی شێتانە دەبینرێ. لەو گوتنەی جەمشیددا کە دەڵێ "**وای خوایە ئەمە چ دەردێکە، من لە سەیرکردنی بەحر تێر نابم**"، ئەوپەڕی حەیرانی و ئەفسوون بوون و گیرۆدە بوون بە فەرهەنگی داگیرکەران بە ئاشکرا دیارە. لە دیالۆگێکی دیکەدا جەمشید دەڵێ "**تاکە شتێک دەتوانێ من بە زەوییەوە بەستێتەوە، لەشی ئەم کچە تورکە ناسکانەیە**". بە هەر حاڵ، ئەو کاتەی کە جەمشید دەگاتە ئەو ئاکامەی کە کۆچ کردن جۆرێکە لە کەرێتی، مەبەستی کۆچی خۆیەتی. ئەو دەیەوێ بەدەستی خۆی خەڵکی ئەم وڵاتە بپەڕێنێتەوە و بیانخاتە سەر ڕێگای ئەم کەرێتییە تاکوو خۆی هەر بە خاوەنی وڵات بمێنێتەوە. هەر واش دەکات و پۆل پۆل لە گەنجان لەسەر دەستی جەمشید دەپەڕێنەوە بەرەو نادیار. لەو شوێنەی کە ڕۆمانەکە لە زاری جەمشیدەوە دەڵێ "**پەناهەندەکان نەتەوەیەکی تازەن لەسەر زەوی**"، دەیەوێ بە شێوەیەکی فەلسەفی گاڵتەئامێز ئەم کۆڕەوە ترسناکە ئاسایێ نیشان بدات. دوای ئەوەی کە نیشتمان لە گەنجانی

کۆچەر و پەنابەر چۆڵ دەکا، ئینجا خۆی بە فڕین بەرەو ئەوێ باڵ دەگرێ... .
شێوەی گێڕانەوەی فڕینەکەی جەمشید لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکە کە دەیهەوێ بڵێ ئەو نە وەک پەنابەرێک لە چەشنی ئەو داماوانەی نیشتمان کە ڕوو دەکەنە هەندەران، بەڵکوو لە بەرگی گەشتیارێکی ئاسوودە خەریکی سەفەر کردنە. **"با چەندین ڕۆژ هەر بە ئاسماندا دەیبات و دایدەنێت، بەسەر هەموو یۆناندا دەیگێڕێت، بەرەو دوور دەیبات و دەیهێنێتەوە، بەرەو دەریا دەیڕفێنێت و دەیخاتەوە سەر خاک، ئەو لە هەوادا دەبوورێتەوە و دێتەوە هۆش خۆی، دەخەوێت و هەڵدەستێت...، کەشتییە گەورەکان دەبینێت تێدەپەڕن و کەشتییە بچووکەکان دەبینێت ڕاو دەکەن...، لە ئاسمانەوە ڕۆخە دوورەکانی باکووری ئەفریقا دەبینێت"**. تەنانەت کاتێ لە ئاسمانەوە بەردەبێتە نێو دەریاوە، **"لەو بەختەوەرانەیە کە ژێر ئاو ناکەوێت و وەک پەڕە کاغەزێک دەکەوێتە سەر دەریا و ناخنکێت"**. ئەو چەندیش بە ڕواڵەت لە بیری نیشتماندا بێت و تاسەی ئەوێ بکا، وەک بڵێی ئەو بەختەوەرییەی دەرەوە بەرینەدات ماوەیەکی زۆری پێدەچێ بگاتەوە نیشتمان. کاتێکیش دەگەڕێتەوە نە بە شێوەیەکی ئاسایی، بەڵکوو لەنێو تابووتێکدا دەینێرنەوە. ئەم دیمەنە وێنای مەرگێکی سیاسی سەرۆکە لە چاوی خەڵکدا. سەرەڕای ئەوەی کە لەنێو تابووتدایە و وەک مردوو دێتە بەرچاو، بەڵام وەک هەموو جارێ و وەک نەریتە پێشووەکەی خۆی، **"لەو ڕێگا درێژەدا تەنیا شتێک لە ژیانی ڕابردووی بیری دەکەوێتەوە، ناوی خۆی و باوکی و ئەدیب خانی برایەتی"**. لە هەر هەلومەرج و بارودۆخێکدا، لە ژیان یان بە مردوویی، کاتی فڕین یان دانیشتنەوە، لە نیشتمان بێ یان لە هەندەران، هەڵە بکا یان ڕاست، گرنگ ئەوەیە کە نە خۆی و نە خەڵک خانەدانی و سەرۆکایەتییەکەی لەبیر نەبەنەوە و بەردەوام هەموو کەسێ دانی پێدا بنێ.

********

کە خانی سەرۆک دەگەڕێتەوە و لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا، سالاری پێشمەرگە و سەربازی سەرۆک، ئەو هەر وەکوو جاران لە جێگەی سەرۆکایەتیدا دەبێنێ کە "**لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشتبوو و بەتانییەکی لە خۆیەوە پێچابوو و چپسی دەخوارد و...**"، سالاری خزمەتکار و تواوە لە هەیبەتی سەرۆکدا بە گوتنی "**ئاە... مامە گیان، ئاە... مامە گیان**"، جارێکی دی ئامادە بوونی خۆی بۆ خزمەت کردنی خان دووبارە دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی سەرۆک جگە لەوەی کە لە بارانۆک لەگەڵیدا قارچکی خواردبێ سالاری لەبیر نەماوە، بەڵام سالار هەر لە خەمی ئەودایە و مشووری پیری و شکانەوە و ئازارەکانی ئەو دەخوا. ئەگەرچی ئەو لەسەر کورسییەکی گەورەدا دانیشتووە، سالاری خزمەتکار دیسان هەڵیدەگرێ و دەیباتەوە ژوورەکەی قاتی سەرەوە. گۆیا کاری لەپێشینەی ئەو بەرز کردنەوەی سەرۆکە بۆ جێگای سەرۆکایەتی. ئەمە فەرهەنگێکی هەزاران ساڵەی نەریتی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. ئەوەی ڕاستی بێ لەم فەرهەنگەدا سەرۆک و دیکتاتۆر و پاڵەوان و گەورە لە خۆوە دروست نابن، بەڵکوو خەڵک دروستیان دەکەن و لەپێناویاندا تێدەکۆشن و قوربانی بۆ دەدەن و بە قوربانی دەبن. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت مرۆڤی کورد هەمیشە دەیەوێ باڵادەستێکی هەبێ و لەچاوەڕوانی ئەودا دەژی. ڕۆمانەکە ئەم حاڵ و ڕۆژەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت کورد و بەتایبەتیتر کوردی باشوور لە زاری سالارەوە و لە حەسرەتی نەبوونی جەمشید دا بە شێوەیەکی جوان وێنا دەکا، "**بەگشتی دۆخێکم هەبوو بۆ هەمووان شایستەی بەزەیی بوو... زۆربەی کات تەنها سەیری ئاسمانم دەکرد و هیچی تر... لەبەر باڵکۆنەکە کورسییەکم دادەنا و سەیری هەور و ئەستێرەم دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بووم جەمشید لە ئاسماندا ببینم...**".

دوای باش بوونەوەی خان و بەدەست هێنانی هەندێ لە بیرەوەرییەکانی و دیسان هەستانەوەی، ئەمجارە سەرۆک پرۆڤەی جۆرێکی دیکە لە داگیربوون و داگیرکردنی هاوکات دەست پێدەکاتەوە. دوای بەکارهێنان و قۆرخ کردنی هەموو دەسەڵاتە سێیانەکانی دەسەڵات، بەکارهێنانی دەسەڵاتی چوارەم دەکەوێتە خولیای سەرۆکەوە. ئەو بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێ خوێندەوار و نووسەرەکانی پێشووی خۆی کۆ دەکاتەوە. سمایل کە هەر لە سەرەتاوە ئەم بەشە خوێندەوارەی تەڤگەری کوردی هێما کردووە دیسان بانگهێشت دەکرێتەوە بە مەبەستی بەڕێوە بردنی خەیاڵە نوێیەکانی سەرۆک. ڕۆژنامەنووسی خراپ ئەو کەسەیە کە ئەمجارە پێویستی پێیە و دەبێ لە هەڤاڵە گوێ لەمشتەکانی خۆی دروستی بکا. ئەم چینە کە سمایل نوێنەر و نموودییەتی زۆر بە ئاسانی دروست دەبن و زۆر بە ئاسانیش دەست دەکەون. وەک سالار جارێکیان دەڵێ **"لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسی خراپ بکە و جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاودا بیانخەرە سەر ئاگر و بیانکوڵێنە، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیست و چواری وڵاتی ئێمەی لێ دەردەچێ"**.

لە حاڵێکدا کە سالار بە قسەی وەکوو **"ئەو کورسییەی ئێمە لەسەری دادەنیشین و دارتاشێکی نەخوێندەوار دروستی کردووە، هونەری لە هەموو ئەو ڕۆژنامانە زیاتر تێدایە کە لەسەر کورسییەکە دەیخوێنینەوە"** دەیەوێ هەر لە سەرەتاوە ئەو هەنگاوە وەک هەنگاوێکی هەڵە و ناشیاو و بێ بایەخ بناسێنێت، بەڵام وەک هەمیشە لە بەرانبەردا جەمشید خانی سەرۆک گوێی بۆ ڕەخنە داخراوە و وەک هەموو چەمک و تێگینەکانی دیکە، دەیەوێ چەمکی ڕۆژنامەنووسی بشێوێنێ و زیرەکانە وەک پیرۆز ناوی دەبا و بە تانە

و تەشەری وەک نەخوێندەوار، سالار سەرکۆنە دەکا و دەیترسێنێ. دواتر دەسەڵاتی جەمشید خان وردە وردە دەکەوێتە دروست کردنی ئاژانسێکی نهێنی بۆ دۆزینەوەی زانیاری و پارە!. ئەو بە تەواوی سەرسام دەبێ بەم ئیشە نوێیەی خۆی و لەو کارەشدا وەک کارەکانی پێشووی، ڕۆحی داگیر دەبێ و بۆ داگیر کردنی کۆمەڵگاش بە ناباوەڕانەترین شێوازەکان کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەو کارانەی کە ئاژانسەکانی دەسەڵاتەکەی جەمشید بە شێوازی جۆراوجۆری چەواشەکاری دەیکا ئێستاش بە ڕوونی لە دەسەڵاتی باشووردا وەک ڕۆژی ڕۆشن دەبینرێن. ئەم دەسەڵاتە بە تەواوی هەموو جۆمگەکانی ژیانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی، لە هەموو شتێک دەدوێ، سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکا و بەکورتی توانیویە فەزای گشتی کۆمەڵگەی باشوور قۆرخ بکا. سالار گوتەنی، "**شتێک کە سەیرم لێدەهات ژمارەی بێ شماری ئەو هەزاران هەزار نووسەرە بوو کە لەناکاو لە وڵاتی ئێمەدا قەتارەیان بەستبوو، دەشیانتوانی لەسەر هەموو شتەکانی جیهان بنووسن، لە دەرپێی کورتی ئەکتەرەکانەوە بیگرە تا سەر گەندەڵی سەرۆک حیزب و پارلەمانتارەکان...**". جەمشید هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی بە ڕۆژنامە و ئاژانسەکەی خەریکی داگیرکردنی کۆمەڵگایە، نایەوێ هیچ شوێنێک بمێنێ کە دەسەڵاتی ئەوی تێدا نەبێ و دەستی پێ ڕانەگا. ئەو کە جاران نەبینراوە لەنێو خەڵکدا بێ، ئیتر خۆی لە هەموو قوژبنێکی ئەم جڤاکە دەخزێنێ، ئەو کە هەمیشە لە قاتی سەرەوە بوو، "**زۆر جار ڕۆژانی هەینی کە بیرۆی ئاژانسەکە دادەخرا، ڕێکەوتی دەکرد چەند کەسێکی نەناسراو دەهاتن بۆماڵمان و جەمشید خان لە سالۆنە سەرەکییەکەی خوارەوە پێشوازی لێدەکردن**". بەم شێوەیە دەسەڵاتەکەی جەمشید کە ئیدی خۆی بە "**خانی خانانی ئینتەرنێت**" دەزانی، سەرەڕای ئەوەی کە دەیان جار بە گەشتی شەوانە فڕیوە، بەڵام لە گرنگی داگیرکردنی شەقام و هەبوونی خۆی

لەسەر زەوی و لەنێو فەزای گشتی کۆمەڵگەدا تێگەیشتووە. بەڵام ئەم هاوکات داگیربوون و داگیرکردنەی جەمشید ئیدی خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات.
ئێستا جەمشید لە باڵاترین ئاستی دەسەڵاتی خۆیدایە بەسەر کۆمەڵگەدا و بە قسەی خۆی "**ئەو نزیکە لەوەی بەهۆی ئەو تۆڕە گەورەیەوە کە دایمەزراندووە شتێکی گەورە بۆ میللەت بکات و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەناو ئینتەرنێتدا دابمەزرێنێت**". بەم شێوەیە ڕۆمانەکە ناڕاستەوخۆ لە زمانی خانەوە پێمان دەڵێ کە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی مەگەر تەنیا لە فەزای خەون و خەیاڵدا، ئەگینا سەرۆک چەندی بۆ بانگەشە بکا ناتوانێ بە کردار و لە ڕاسکانیدا مسۆگەری بکا و بەدەستی بێنێ. لە بەرانبەردا ئەوەی کە خەڵک لەپشت ئەو خولیایەوە پێی گەیشتوون ئەوەیە کە سەرۆک توانیویەتی دەسەڵاتێکی بەهێز کە سالار واتەنی "**جۆرێکە لە وەحشییەتی تازە...، وەحشییەتێک کە لە وەحشییەتی هەموو دیکتاتۆرەکانی پێشتر ناشیرینتر و کوشندەترە**" بەسەر ئەواندا دروست بکات.

********

جەمشید خان پێش کۆتایی هاتنی، بە چەک هەڕەشەی لێ دەکرێت و دواتریش هەر بە فیشەک دەکوژرێت. ئەم شێوازە لە دانووستانی خەڵک و سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دیاردەیەکی ئاسایی و باوە. سەرۆکەکانی ڕۆژهەڵات قەت بە کەیفی خۆیان وازیان لە خەڵک و لە دەسەڵات نەهێناوە و مەگەر بە زەبری هێزێکی دیکە لادرابن. دەسەڵاتی جەمشید خانیش نیشانی داوە کە لەم ڕێسایە بەدەر نییە، ئەمڕۆ یا سبەی هەر دەبێ بە توندوتیژی بهێنرێتە خوارەوە. لانیکەم پێشبینی هاتنە ئارای ئەمجۆرە ڕووداوێک کارێکی

زۆر ئاسایی و چاوەڕوان کراوە.
ئەمە پێشبینی بێت یان ئاوات و هیوا، سالار بە جوانی بەیانی دەکات. ئەو ڕوو لە سەرۆک دەکا و دەڵێت کە "**سەردەمێک دێت کە چۆن مرۆڤایەتی خۆی لە هێزی فیرعەونە کۆنەکان ئازاد کردووە، خۆشی لە هێزی ئەمجۆرە فیرعەونانە دەتەکێنێت و هەمووتان وەک قەساب و مرۆڤکوژ و بێویژدان دەچنە مێژووەوە**".
جەمشید خان ئەگەرچی دەستی بە هەموو شتێک دەگات و هەموو قوژبنەکانی ژیانی ئاسایی خەڵک دەپشکنێ و تەنانەت وەک سالار دەڵێ "**مامم بە ئاسمانەوە چاودێری جووڵە و هاتوچۆی دەیان کەسی کردبوو، لەسەر بانەوە دابەزیبووە ناو نووسینگەکانیان و دۆسیەکانی دزیبوون، لە پەنجەرەوە وێنەی ژیانی تایبەتیانی گرتبوو، گوێی بۆ قسە و تەلەفۆنیان ڕادێرابوو...**" و بەم شێوەیە کۆمەڵگا داگیر دەکا و زیانێکی گەورەی پێدەگەیەنێ، بە ڕوویەکی دیکەدا دواجار دیسانەوە وەک هەموو جارێ خۆشی یەکێکە لە دۆڕاوەکان. لەم یارییە ناپاکەی دەسەڵاتدا هەر ڕۆژێک دێ کە مرۆڤ بکەوێتە هەڵەوە و لە تاریکی دەسەڵاتی خۆیدا و "لە **زوڵمەتی شەودا کاتێک جەمشید لە ئاسماندایە و لەیلا و سمایل لەنگەری بۆ دەگرن، لە ساتێکی گونجاو و لەباردا چەکدارەکان بە مەبەستی کوشتن دەیاندەنە بەر دەسڕێژ**" و جارێکی دیکە جەمشید بە بڕینی پەتەکەی با دەیباتەوە. کەوتنە خوارەوەی جەمشید خان لە مۆڵکەکەی هیجریدا کەوتنە داوی ئەو سیاسی و ڕاوێژکارانەیە کە لە دەوروبەری سەرۆکدان و لەمەودوا دەیخەنە گەمەیەکی دەسکردی خۆیانەوە.
دەڵێن دیکتاتۆرەکان ئەو دەمەی کە هەست دەکەن هەموو کەس لەژێر دەسەڵات و کونترۆڵی ئەواندایە، ڕێک لەو دەمەدا خۆیان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی ڕاوێژکاران و کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە و ئەوان پەرژینێکیان لە دەور دروست دەکەن و چۆنیان بوێ

ئاراستەیان دەکەن و چۆن بخوازن گەمەیان پێدەکەن. شاسواربەگی هیجری ڕێک هێمای ئەو ئەڵقەیەیە کە لە دوەری سەرۆک کۆدەبنەوە و وەکوو مەیموون یاری پێدەکەن و بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز لەچاو خەڵکی سووکی دەکەن. بە شێوەیەک کە وەک ڕۆمانەکە دەڵێ **"تووشی پووکانەوەیەکی گەورە هاتووە."** جەمشید خان دوای کەوتنی ئەمجارەی ئیدی خان بوونی خۆی بە بیر نایێتەوە، وەک ئاماژەیەک کە ئێستا ئەمە ئەوە کە لە قەفەزی ئەوانیتردا دەجووڵێتەوە. ئەو ئێتر تەنیا بۆ ئەوە دەشێ کە لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکاندا بیخەنە بەر شانۆ و بیکەن بە **"مەیموونە باڵدارەکە،"** یان بە قسەی بەگی هیجری **"مەیموونە بەرزەفڕەکەی نیشتمان."** دیکتاتۆر دەگاتە ڕادەیەک کە تەنانەت قسەکانیشی هی خۆی نین و بە گوێرەی دەوروبەرەکانی دەدوێ و بە گوتنی ڕۆمانەکە **"هیجری هەرکات بیهێنایە بۆ نمایش، لەزگەیەکی ئەستووری لە دەمی دەدا و نەیدەهێشت زاری بجووڵێت."** سەرۆک لەوپەڕی بێڕێزیدایە و هەرکەسەو دەسەڵاتێکی زیاتری بە سەرەوە بێت دەبێتە خاوەنی و هەر ڕۆژەو لە کەسێکەوە دەدۆڕێت بۆ کەسێکی دیکە. دوای دۆڕاندنی بەگی هیجری دەکەوێتە دەست مەجید ژیران. ئەمە سونەتێکی هەمیشەیی دەستاودەست بوونی سەرۆکەکانە لە نێوان نزیکەکانی خۆیاندا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو پێشکەش کردن و نمایش کردنەی سەرۆکە لە هەیکەلی مەیمووندا لە میوانی تورکەکان. هێنانەوەی ئەم تابلۆیە لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا زۆر بە زەقی لەگەڵ چارەنووسی سەرکردە سیاسییەکانی باشووردا دێتەوە. مەجید لە حزووری میوانە تورکەکاندا بە ڕستەی **"هیچ میلەتێکی تریش جگە لە ئێمە خاوەنی وەها مەخلووقاتی عاجباتی نییە،"** بە ڕۆشنی پێگە و جێگەی ڕاستەقینەی سەرکردەکانی باشوور دەخاتە ڕوو. دوایین چارەنووسی سەرۆک کە بە دەست نزیکەکانییەوە کراوە بە

مەیموون، فرۆشتنییەتی بە کومپانیا تورکییەکان. فرۆشتن و لە قەفەز کردن بە جلی لە "**ڕەنگی ئاڵاکانی نیشتمان**،" ئەمەیە ڕاسەڵەی سیاسەتی سەرانی باشوور. ئەوان بە ئاڵای کورد و بە دروشمی بریقەداری کوردایەتی بە خەفەتبارترین شێوە خۆیان ڕادەستی داگیرکەران بەگشتی و بەتایبەت دەوڵەتی تورک کردووە. خەڵکیش چیتر هیچی پێناکرێ، جگە لەوەی لە کەسایەتی سالاردا "**لە تەلەڤزیۆنەکەی کافتیریای لاس و خەزاڵەوە**" چاویان لێبکەن.
دوای دەربازکردنی سەرۆک لەلایەن سالارەوە، ئەو بۆ خۆی ئەو کارەساتەی کە بەسەر خۆی و نیشتماندا هێناویە بۆ یەکەمجار و دواجار بە ڕاشکاوی بەم شێوەیە بەیان دەکا: "**سەیرم کە برازا ئازیزەکەم، ژیان چۆن دەمهێنێت و دەمبات... هەر بەڕاستی بووم بە پووشی دەم با...من بووم بە گاڵتەجاڕ...بووم بە سینەمای مەملەکەت، نە ئابڕوو، نە کەرامەتم نەماوە**".
ئەو تازە بیردەکاتەوە کە ئێستا "**هەموو سیاسییەکان وەک سەگ و مەیموون سەیریان کردووە... وەک مەخلووقێکی گاڵتەجاڕ، وەک مەیموونێک ناسراوە و هەرگیز ناو و کەرامەتی ناچێتەوە جێگای خۆی**".
بە قسەی خۆی "**ژیانی هیچ مانایەکی نەماوە و چارەیەکی لە بەردەمدا نییە، ئەوە نەبێت تامردن لەم ژوورەدا بێت یا خود خۆی بکوژێت**".
کاتێ سالار بە جەمشید خان دەڵێ کە "**لەبری خۆکوشتن بڕۆ...بڕۆ بۆ مەملەکەتێکی تر**" و پێی دەڵێ "**من هەموو ژیانی خۆتت لەسەر جەستەت بۆ دەنووسمەوە بۆ ئەوەی ... نووسینەکانی سەر لەشت بخوێنیتەوە و هەموو شتێکت لە یاد بێت، لە یادت بێت تۆ کێیت و لە چی ڕادەکەیت، لە یادت بێت لە کوێوە هاتوویت و بۆ نابێت بگەڕێیتەوە، ... چی هەڵەت کردووە و چی دوبارە نەکەیتەوە**"، لە ڕاستیدا دەیەوێ بڵێ کە ئەم سەرکردەیە ئیدی دەبێ بخرێت یان

خۆی بچێتە لاوە و لە خۆی و ڕەفتارەکانی و هەڵەکانی و... بکۆڵێتەوە.

لە کۆتا قسەکانی جەمشید خان دا کە دەڵێ "**منیش هەموو ژیانم ئاواتی ئەوەم خواستبوو زەوییەک بدۆزمەوە مرۆڤ تێیدا با نەیبات**" ئاواتێکی زۆر گەورە و لەمێژینە خەوتووە. ئاواتی ڕۆژانێک کە چیتر مرۆڤی کورد و بەتایبەتی سەرۆکی کورد لەم ناوچەیەدا ببێتە خاوەن ئیرادە و کەسایەتی خۆی، بێ ترس لەوەی کە دەوروبەر ئازاری بدەن و بەرەو کوێ ویستیان پاڵی پێوە نێن.

# Cemşîd xan kîye?!

## (şîroveyek li ser romana Cemşîd xan ê mamim)

**JÎRO ZAGROS**

**Telegram: @jirozagros**